# مەرگی "شیلان" تاوانیکی تری توندو تیژی لەدژی ژنانی کوردستان!

**سەوسەن سەلیم**

Sawsan.s@ukonline.co.uk

هاوکات لەگەل ریزلێنان لەرۆژی 8ی مارس وراوەستانەوەی ژنانی جیهان لەوانەش ژنانی کوردستان بەرووی نابەرابەری و توندو تیژی‌یەك کەلەخیزان و لەکۆمەلگاوە بەرەو روویان بۆتەوە، شیلان عومەر کەریم لەتاوانێکی پرتراژیدیدا، توندو تیژی ژیانی خۆی و کۆرپەکەی لیدەفرینێ. کارەساتەکە لەوێ وە دەست پیدەکات کەخیزانی شیلان بەدەستی پیاوسالاری و دەمارگیری پیاوانەی هاوسەرەکەی وبەدوای دەمەبۆلەو بارگرژی‌یەکدا، دەبیتە لانکەی زنجیرە کردەوەیەکی توندو تیژی، یەك لەدوای یەك وسەرەنجام لەشەوی 8ی مارسی ئەمسالەدا لەکاتێکدا کەشیلان بەحالەتی دووگیانی‌یەوە لەخەودا دەبێ و بیئاگا لەوەی میردەکەی چ تاوانیکی بەدەستەوەیە، بوتلیکی غاز ئاراستەی سەرسینەی دەبێ و دواتریش دەستی میردەکەی تامردنی دەچیتە گەردنی. بەم جۆرەش مۆمی ژیانی شیلان و کۆرپەکەی بۆهەتاهەتایە دەکوژیتەوە ودواتریش "عەتا"ی میردی شیلان هەرئەوشەوە خۆی تەسلیم بە پۆلیس دەکاو دان بەتاوانەکەیدا دەنێ .




شیلان لەدایکبووی سالی 1974 ودانیشتووی گەرەکی کانی کوردەیە لەشاری سلیمانی. سالی 1997 زەواجی لەگەل عەتا عوومەر عەباس، لەدایك بووی 1961دا کردووە. شیلان دایکی دوو منال"ئاراو لارا" بووە و منالی سیهەمیشی 7 ومانگەبوولەسکیدا..بیشك ئەم رووداوە گوزارشت لەوەدەکات کە ژیانی شیلان ناخۆش و پرئازار بووە وخیزانەکەشی سەرچاوەیەك بووە بۆ توندو تیژی..بەلام کی بەرپرسە لەم تاوانەو سەدان تاوانی تر؟ ئەوەچی‌یە وادەکات میردێك بەسادەیی بریاربدا دایکی منالەکانی وکۆرپەی ساوای بکوژی؟ چ هۆکاریك هاندەری پیاوانە تابەم جۆرە بریاری کوشتنی ئازیزان وهاوسەرانی دوینێی خویان بدەن و هیچ ترسێکیان لەداهاتووی ژیانیان نەبێ؟

مەرگ وکارەساتیك کەشیلان و کۆرپەکەی تییدا قوربانین، دلۆپیك لەشەپۆلی تاوان و توندو تیژی دەخاتەروو کە ئەمرۆ لەژیر سایەی دەسەلاتدارانی کوردستاندا بەرەو رووی ژنانی کوردستان بۆتەوە.

بەدوای 15 سال لەدەسەلاتداریتی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد، لەپیشیانەوە یەکیتی وپارتی، ژنانی کوردستان جگەلە بیکاری و نەداری وراگرتنیان لەگۆشەی مال و تەرخانبوونیان بۆکاری خورایی مالداری، رۆژانە لەگەل ناخۆشترین تراژیدیا و دەستدریژی و لیدان وئەتککردن وکوشتن وخۆسوتاندن وسەرکوت وبیمافیدا بەرەورووبوونتەوە. نابەرابەری و پیاوسالاری وسیاسەتیك کەپەرەبەباوەر و داب و نەریتی عەشیرەتی وئاینی دەداو تادیت روولەپەرەسەندنە. دەستی مەلاو مزگەوت وئیسلام وشەریعەت وقانونەکانی بەعس هیشتا نەك یەخەی ژنانی بەرنەداوە بەلکو بەناوی "ئازادی ودیموکراسی‌یەوە" دەستی تاوانەکارانەی بۆهەموو مال وقوتابخانەو بووارەکانی پەروەردەو کۆمەلایەتی دریژکردووە وسات بەسات بیحورمەتی‌کردن ومامەلەی"کەم عەقلی" وپلە دوویی وژیردەستەیی ژنان بەرهەمدینیت. تەنانەت رووداوەکانی توندو تیژی وباروودۆخیك کەرووی لەژنانکردووە هیندە زۆر وبیسنورن کەئەنجامەکانی رۆژ نی‌یە لەخودی دەزگاکانی راگەیاندنی دەسەلاتداران وبلاوکراوەی ریکخراوەکانی ژنانی سەربەخۆشیانەوە بلاونەبنەوە ونەبنە جیّگای ئامازەپیکردن. کوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەف وخۆسوتاندنی رۆژانەی ژنان کە ئامارەکانی مانگانەو سالانە بەسەدان و هەزاران تێدەپەرینی، نیشانەی ئەم شەپۆلە توندو تیژی‌یە کەهیچ ئاستیکی لەئارامی لەخودی خیزانەکانیشدا بۆ ژنان نەهیشتۆتەوە و راستەوخۆش دەسەلاتداران لێی بەرپرسیارن.

مەسەلەکە رۆشنە کاتیك ژنان بیکاربن ولەمالدا ژیانی لاوەکی ببەنەسەر وهیچ خزمەتگوزاری‌یەك نەخریتە بەردەمیان، کاتیك داوای زەواجی ئازادانە و تەلاق دەکەن، کاتیك ریگەیان پینادری بەئازادانە هاوسەر هەلبژیرن وفرسەتی کارو خویندن و فیربوونیان بەخۆرایی بۆدابین نەکرابی، کاتیك مافی دایکایەتی و وژنانی منالەبەر لەگۆر نەبیت، لەلاشەوە قانون ودادگا وسزا ویاسای باری کەسیتی بەعس و ئیسلامی حاکمبیت، کاتیك کەموقەدەساتی نەتەوەویی و ئیسلامی دەکریتە پیوانەیەك بۆ ناسینی کەسایەتی و حورمەتی ئینسانی ژنان، کاتیك کەپیاوسالاری وداب و نریتی عەشیرەتی ونەتەوچیتی ریزی لیدەگیرێ، کاتیك بگوژانی مەهاباد وکەژال خدرو صوبحیە ونەسرین و نیشتمان وسەدان قوربانی‌تر بەپی‌ی یاسای بەعس و بەهۆی بەرپرسیاریتی حیزبی‌یانەوە تەبریە دەکرین، کاتیك کەریژەی ئامارەکانی خۆسوتاندن لەنەخۆشخانەکان دەچیتەسەرەوە و دەسەلاتداران هیچ بەرپرسیاریتی‌یەك نیشان نادەن، کاتیك بیکاری و هەژاری ونەخویندەواری ونەزانین بۆتە حالەتیکی

**ڕۆتینی نیوەی کۆمەلگا، کاتیك کەنەك هەرمافی ئینسانی ژنان بەرەسمی ناناسرێ، تەنانەت هیچ یاسایەك نەبی بۆبەرگری لەژنان لەبەرامبەر توند وتیژیدا... ئەوکات ڕوودانی کارەساتەکانی شیلان و نمونەکانی وەك ئەو دەبنە سیمایەکی هەمیشەیی ژیانی خەلکی کوردستان وبەدوای خۆشیدا هەوالی ناخۆش و تراژیدی بەرهەمدینێ.**

**ژنانی کوردستان بەرواڵەت ژیانی دوینێ ی ژیرسایەی حکومەتی بەعسیان نەماوە، بەلام ئیستا ناوەرك و لایەنەکانی هەمان ئەو کەلتور و داب ونەریت وئاین ویاسایانەی کەبەعس داهینەر وپەرەپیدەری بوون، لەژیر سایەی حکومەتی خۆمالیدا بەخراپترین شیوە یەخەی پیگرتون. ..**

**ئیستا ئیتر هیچ بەهانەیەك بۆ دریژەکیشانی ئەم تاوانانە و ئەویاسا وداب ونەریت وموقەدەسانە نیە کەژیانی ژنانی کوردستان راپیچی توندو تیژی خیزانی وکوشتنی ناموسی وخۆسۆتاندن وهەر بەلایەکی تر دەکات. ژنانی کوردستان هەقیانە کەبەدوای ڕووخانی ڕژیم و نەمانی یەکجاری دەسەلاتەکەی لەکوردستان ژیانیان لەهەموو یاساو نەریت وئەقلیەتیکی قەومی و ئیسلامی وعەشیرەتی پاکبکریتەوە. لەم ڕووەوە دەسەلاتدارانی بەرپرسیارن لەهەموو ئەوتاوانانەی دەرهەق بەژنانی کوردستان دەکری. هەربۆیە دەبی ناچار بکرین بەدانانی یاسایەك وپەیرەوی لیکردنی کەمافە مەدەنی وشەخصی‌یەکان وئازادی‌یەکانی ژنان دەسەلمینێ. دەبی هەرئیستا هەموو ریکخراوەکانی ژنان وحیزب ولایەنەکان وسەرجەم ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لەپیناو دارشتن و چەسپاندنی یاسایەك بەدژی هەموو شیوەکانی توندو تیژی لەدژی ژنان چ لەخیزان وچ لەنیوکۆمەلگادا بێنەمەیدانەوە و دەسلاتدارانی پێناچاربکەن. بەتایبەتی دەبێ:**

1- **یاسای توندو تیژی لەدژی ژنان وشیوەکانی چ لەکۆمەلگاو چ لەخیزاندا دابنری و ئەوپیاوانەی دەستی بۆدەبەن لەگەل سزای گەورە بەرەورووببنەوە.**

2- **کوشتنی ژنان ولیدان وسوکایەتی پیکردنیان قەدەغەبکری و ئەنجامدەرانی بەپێی سزا و دادگایی بکرین**

3- **دەستی دین وموقەدەساتی دینی لەسەر ژیانی ژنان وکۆمەلگا کۆتابکرێ وجیایی دین لەدەسەلات وبووارەکانی پەروەردەوفیرکردن رابگەینرێ.**

4- **دەبی دەسەلاتداران واداربکرین بەدانانی بۆدجەیەکی تایبەت بۆژنانی بیکار و منالەبەر و دایکان وتەواوی خزمەتگوزاری پیویستیان بخریتە ئیختیارەوە.**

5- **دەبی دەسەلاتداران بەرپرسبکرین لەدابین کردنی هەموو ئەو پیداویستی‌یانەی کەبۆ دامەزراندنی شوینی ئارام و داەزگای فریاگوزاری خیرا بۆئەوژنانەی کەدەونەوە بەردەم مەترسی کوشتن ولیدان وتوندو تیژی خیزانی‌یەوە.. پیویستن.**

**ئەمانە سەرەتای یەکەمن بۆئەوەی ژیانی ژنانی کوردستان لەبەردەم شەپۆلی ڕەشی کوشتن وتاوانەکانی توندو تیژی بپاریزری ولەویشەوە بەرەو ژیانی ئازادی ویەکسانی کامڵ لەگەل پیاواندا هەنگاو هەلگرن..**

2006/3/12